کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 22:39بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**جەنابی سەرۆکی حکوومەت لەغەمی قووڵی تۆم، ئەری ئەم هەموو وەزیرەت بۆ چی بوو؟ (وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دواکەوتوونین، بەڵکو بەشێوەکی دواکەوتوو بەڕێوە دەبردرێن) لەکتێبی (تحديات الزعامه) ... ئارێز سمکۆ**

بەوە دەست پێدەکەم ئاخۆ ئەم پرسیارە دەبی دڵی ئەم هەموو وەزیرو گزیرە زویر نەکات، بۆنا خۆ ئەوان تەنیا ڕەخنە قبوڵ ناکەن، دەنا دیاریی وئیمتیازاتیان قبووڵە، کە دەسەڵاتی کوردی پێیانیان دەبەخشێت، گرینگ نییە با زووير بن ئەی ئەوەنییە ئەوانیش هەموو کاتژمێرێك لەڕۆژدا ئێمە زووير دەکەن، جەنابی وەزیرە بەڕێزو دەوڵەمەندەکان، تووخوا دڵی ڕەقی وەکو بەردتان لێم نەرەنجی، ئاخر گەر دڵتان وەك بەرد نەبێت، لەم هەموو کێشەوگرفتی ئەم خەڵکە هەژارە دەکۆڵنەوە و وە چارەسەریان بۆ دەدۆزنەوە، بریا تەنیا بە خۆ دەوڵەمەندکردنی خۆتانەوە خەریك نەدەبوون، لەوانەیە من بەگووتەی هەندێك لەئێوە عەقلی بیربکەمەوە، نەك مەنتیقی بۆیە ئەم قسانە دەکەم، وەزیرە بی ئیش و کارەکان، منیش وەکو ئێوە بوومابیە قەت حەزم نەدەکرد لەو نازو نیعمەتەی کە ئێوە تێیدا دەژیین بێبەش بوومابیە، مەبەستم لەونازونیعمەتەی کەئێوە لەسایەی ئەم حکوومەتە وەرتانگرتووە، ئێوەی وەزیری مەنهەجی سەقەت، و وەزیری شەقامە شەقارشەقار بووەکانی شار، کە بۆتە جێگای مەلەوانی منالان و، وەزیری وەرزش و ڕەقس بەلاوان کردن و وەزیری وولات پڕ لەنەخۆشانی بی شیفا و هەزاران دەردیتر، وە وەزیری کارەبای چەند سەعاتی کە دەڵێیت ترافیك لایتە لە وولاتێکی بی کارەبادا وهتد، جا دەپرسم ئاخۆ ئەم هەموو وەزیرە گرفتەکانی خەڵکی کوردستانیان چارەسەرکردووە، یان پێیان چارەسەر دەکرێت، یا خۆیان بوونەتە گرفت وبارگرانی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، کەچی ڕوویان هێندە قایمە هەرکە ڕەخنەیەکت لێیان گرت، ئەوە دێن بەرگری لە خۆیان دەکەن، چەند ساڵێك لەمەوبەر لە میدیاکانی میسری هەواڵی تێکشکاندنی شەمەندەفەرێکمان گوێ لێبوو، کەچی دوای دوو سەعات بەسەر ڕووداوەکە، وەزیری پەیوەندیدار لە نووسینگەکەی خۆی دەستی لەکار کێشایەوە، ئاخر ئەمە هەرچەندە ڕووداوێکی سرووشتی بوو، کەچی وەزیری پەیوەندیدار ڕووی نەهات لە پۆستەکەی بەردەوام بێت، خۆ ئێمە کە باس لە میسریش دەکەین دەڵێین وڵاتێکی دیکتاتۆریە، نازانم سەرۆکی حکوومەت ئەم هەموو وەزیرەت بۆ چی بوو، برواتان هەبی هێندە زۆرن هەربۆم نازمێردرێت، ئاخر چل ودووانان.

سەرۆکی حکوومەت من سەرم سووڕماوە لەم هەرێمەی تۆ، ئاخر تێناگەم حکوومەتەکەت کە لە سی پارێزگا پێکدێت، کەچی چل و دوو وەزیرت تەعین کردووە، لەوە هەر گەری دانیشتوانی هەرێمەکەت کە لەسەروو چوار میلۆنن، کەچی زیاتر لە میلۆنێك و چەندسەد هەزاری فەرمانبەرت هەن، بەقەولی پیرێژنان (مەعاش) خۆر هەن، لەوە دەچی ئێمەی بەکاربەری کەل و پەلی گشت وولاتانی دونیا هەر لەشۆرتەکانی ژێرەوەمان کە هەمووی چینین وەهەتا بەمۆزی سۆماڵیش ڕادەگات کەبۆمان دێت، زۆر خۆمان پی موهیم بێت، وەحەز بکەین هەموومان هەر فەرمانبەر بین و برایانی فلیپینی و بەنگلادیشی و سۆماڵی و ئەریترییایی یش بێن و شۆستەکانمان لە قنچکە جگەرە وخۆڵ بۆ پاك بکەنەوە.

ئەم هەرێمەی تۆ سەرۆکی حکوومەت تێکرا بۆتە چێشتخانەوئاودەستخانەو مزگەوت و عیادە، با لەخەمی تۆشدا بێت هەر بەوەناوەستاون ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر لەدروستکردنیان بەردەوامن، ئەوانیش هی خۆمان نا، تەنیا مزگەوتەکان نەبێت کە دانیشتوانە دەوڵەمەندەکانی هەرێمەکەی تۆ، کە ئەویش لەبەر خاتری خودا نا، بەڵکو لەترسی خۆڕزگار کردن لە باج (چریبە) دروستیان کردووە، وەلەپەناشیەوە بازرگانی بەم درووستکردنی مزگەوتەکانەوە دەکەن، وە عیادە و چێشتخانەکانیش کە زۆرینەیان هی برایانی عەرەب و تورکەکانە، ئایا ئێمە هەموو تێکڕا تەنیا بەکاربەرنین، ئایا ئەمە هەڵەی کی یە سەرۆکی حکوومەت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جەنابی سەرۆك ئێمە دەبینین کە ئەمەریکای سەرداری جیهان کە لە پەنجا وویلایەت پێك دێت، نەك پەنجا پارێزگا، وە دەبینین کە تەنیا حەوت وەزیر هەن کە لەبوارە جیا جیاکاندا هاوکاری سەرۆکی ئەمەریکا دەکەن، لەوە دەچی ئەم هەموو وەزیر تەعین کردنە هەر بۆ یارمەتی دانی سەرۆکی حکوومەت نەبی، بەڵکو بۆ شوێن پڕکردنەوە بێت، ئەوە نییە هەندی وەزیر هەر بی وەزاراتن و هەندێکیشیان هەرتەنیا بن دیوارانەییە، یان لەوانەیە دیسان خەتای دەردی تەوافقە کوشندەکەبێت کە نەهێڵن دەنگی ئۆپۆزسیۆن هەبی، ماشەڵڵا هەمووی لەسایەی ئەم حکوومەتەی تۆ بران وپشتی یەککترن.

خەمی قوڵی تۆمە جەنابی سەرۆکی حکوومەت چۆن دەتوانی ئەم هەموو وەزیرە لەیەك جیابکەیتەوە، وە بەلایەنی کەمەوە چۆن دەتوانیت هەر هیچ نەبی مانگی جارێك بتووانی وەزیرەکانی کابینەکەت ببینیت و دانیشتنیان لەگەڵ بکەیت، ئاخر هیچ نەبی لەمەڕ کارە جوانەکانیان گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت، منێك گەر هاتوو هەندی بە ماتماتیکانە ئەم بارە شی بکەمەوە ئەوە بۆم ڕووندەبی کە تۆ بۆت نارەخسی مانگی چەند جارێکیش ئەم وەزیرانە ببینیت، ئاخر هێندە زۆرن، قەت پێم وابی لە وڵاتی چینی خاوەن ملیارێك دانیشتوانیش، ئەوەند وەزرو گزیرە هەبن، ئی خۆ ناشکرێت نەزانیت کە کارەکانیانی دەڤەرەکەی ژێردەستت چۆن دەڕووات، تکا دەکەم سەرۆکی بەڕێز ئەم دڵەگەورەییەت لێم نەڕەنجی بەوەی دێم باسی ئەم زۆری و بۆرییەی کابینەکەت دەکەم کە تەژیت کردووە لە وەزیر و گزیر.

من وەکو گەنجێك، جەنابی سەرۆك زۆر بەوە خۆشحاڵم کە گەنجێکی وەکو تۆ سەرۆکی حکوومەتم بێت، وەلەزۆر بواردا زۆر ئەکتیڤ وچالاکت دەبینم، لی نازانم خەتای وەزیرە پیرکانتانە یان نا، کە وولاتمان ئەوا خۆش بووە، تۆ سەیری بکە وەکو گوڵ دەگەشێتەوە، ئی ئەوە نییە وولاتمان پڕە لەخۆشگوزەرانی و فەراهیەت، ئی لەخوای سەرۆکی حکوومەتیش بەزیاد بی وا بازاڕ ئازادە وهەزاران بازرگان وا کەوتونەتە موناڤەسە! ئەوەی گران نەبی کەل و پەلە هەربەلاشە، مەگەر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب بازاڕی مەدینە وەها بووبێت، واز لەباری ئەمنی هەر بەهێنە، چونکە نە نەبەز گۆران لە هەولێر لێیدراو، وە نە لەهەولێریش لەڕۆژانی نەورۆز چەندین سەیارە دزران، وە نەلەهەولێریش بوو کە تیرۆرستان مەرامی گلاویان ڕشت، ڕەبی لێت بەزیاد بی، ئەوە نییە هەموومان دەتوانین بەشۆڕتەوە شەو تابەیانی لە شۆستە چراخانەکانی پایتەخت پیاسە بکەین، بەخوا هەر لەوانەیە عومەری کوڕی عبدالعزیزیش ئەوەندەی پی کرابێت، ئەی ئەوە نییە مێژوو پێما دەڵێت کە لەسەردەمی حوکمی ئەودا، گورگ و مەڕ بەیەکەوە پیسی کۆلەیان دەخواردەوە! یەك داد پەروەری هەیە لەم دەڤەرە، مەبەستم لەداد پەروەری دادگاو ئەمانە نییە، چونکە ئەمانە هەر بەقسە سەربەخۆن، دەنا ئەوەندەی من مەبەستمە دادپەروەری کۆمەڵایەتیە، ئەم هەرێمە هێندە پێشکەوتووە لەسایەی حوکمی تۆدا جەنابی سەرۆك مەگەر جۆرج واشیتۆن وەکو تۆی پێکرابێت لە پێشکەوتنی ئەمەریکا، بۆیە لێرەدا دەکرێت پرسیاربکەین ئەری جەنابی سەرۆکی حکوومەت ئەم هەموو وەزیرەت بۆ چی بوو؟.

تکادەکەم سەرۆکی هێژا لێم زویر مەبە، وەپێت وانەبی کە ئەمەوێت ناوی خۆم دەربخەم بەهۆی ئەم باسەوە کە ئاڕاستەی تۆم کردووە، یان خۆم بەبەڕێزتان بناسێنم نا سەرۆکی بەڕێز زۆرم حەزدەکرد بێمە لات و هەزاران شتی تریش کە هەیە پێتی بڵێم، لی دڵنیام بەڕێزتان ئاگاداری کەمو کوڕیەکانی وڵاتەکەتی، وە خۆت چاك کێشەکانی هاووڵاتیانی دەڤەرەکەت دەزانیت، وەبۆ ئەوەی جەنابیشت بەرە و پیل چارەسەرکردنیانەوە بچیت، وەلی بە داوای لێبووردنەوە جەنابی سەرۆك پێت دەبێژم دەبی ئاگاداری کارەکانی وەزیرەکانت بیت، ئێمە دەمانەوی پێت بڵێین کە دانیشتووانی ئەم هەرێمەی ژێر دەسەڵاتی تۆ لەبەر کەمی خزمەتگوزاری وگرانی بازاڕو و نەبوونی کارەباوهتد دەناڵێین، نازانم مەنهەجی سەقەت و نەبوونی فێرگەو پەروەردەنەبوونی قوتابی لەقوتابخانەکاندا، خەتای وەزارەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەروەردە نییە، بوونی ئەو هەموو نەخۆش و وە لەبەرامبەردا یەك نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەهەولێر لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی نییە، ئایا خراپی ئەو هەموو ڕێگاو بانە لە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانی نییە وە ئایا نەبوونی کارەبا کە بەگووتەی هەندی لە کاربەدەستانت باسکردنی ئەمەیان هەرکفرە، لەئەستۆی وەزارەتی کارەبادا نییە وەهتد... ببوورە هێندە وەزارەت هەن ناوی زۆرینەیان یاخود ئیشەکانیان نازانم، جا جەنابی سەرۆك ئەمانە مشتێکن لە خەرواریێك، لەگەڵ ئەوەشدا کارکراوە لەم دەقەرەی تۆ کە شایەنی باسکردن بێت، وەلی دەستنیشانکردنی کەمو کورتیەکان، لە ئەستۆی ڕۆژنامە نووس و نووسەروەکانە، نەك بە باڵا هەڵدانی ئەم وئەو، چونکە دڵنیام گەیشتن بەخوا لەگەیشتن بەتۆ ئاسانترە، ئەوەنییە دەڵێن خەڵکی موسڵمان بەهۆی نوێژەوە گفتوگۆ لەگەڵ خودا دا دەکەن! بۆیە ووتم دڵنیامە کەجەنابت سەیری ڕۆژنامەکان دەکەیت، بۆیە منیش بڕیارم دا کە لە ڕۆژنامەیەك بڵاوی بکەمەوە، تاکو جەنابت ئاگاداربیت لەم هەموو کێشانەی کە لە وولاتەکەدا هەیە، وە هیوادارم تۆش پیرانە بیر نەکەیتەوە، بەوەی کە بۆ گەنجێك نییە باس لەم ئەزموونەو ئەم کێشەو کەموو کورتیانەی کە لە وولاتمان دا هەیە بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.